کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
17-4-2007 21:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**قەدەر ... جەلال هۆرێنی**

کەهەنگاو دەنێم ودەرۆم
بەهێمنی بەبێ ئەوەی زەوی بزانی
بۆلای کێ دەرۆم
من لەبیابانیەکی لماویدا دەرۆم
ئەوکاتەی من دەروم
هەموو شتەکان هێمنن
مرۆڤەکان
باڵندەکان
ئەستێرەکانیش بەهێمنی دەردەکەون
کە دەگەم بەخزوری یار
مانگ هەڵدی و ئەستێرە دەنوی یە
لەبەرەبەیاندا
دوونیا کش ومات و خۆریش لەهەڵهاتنە.
من ویارم پێکەوە
لەگەڵ حەسرەتی ڤینۆسدا
لێوبەلێو دەست لەمل لەیەك ئالاوین
لەمانگی مەرگەساتەدا
لەگەڵ پیاسەی قوتابخانەو سێبەری دارەکاندا
جیهان گۆرا، ئەشق دروست بوو
ئەشقەیەك لەچیاکانەوە سەری دەردێنی
ویەك رەوانەی بیابان دەکات و
یەکێك رەوانەی شارە دێرینەکە دەکات
هەی لێی وهەی لێی و هەی لێی
لەم وولاتە عەشق لەکویە؟
هەموو شتەجوانەکان خۆیان شاردۆتەوە
تەنانەت (باو خۆر وئەستێرەش)
لەوکاتەوەی من عاشقم
گەلاوێژ قەد هەڵنایە
شەرمەزارە لەخزوری من بەدەرکەوی
من وپاکیزەکانی گەرمیان بەدەنگ
ووشەی عەشمان پیرۆزکرد
ئەوان عەشقیان لەگەڵ خۆیان بۆ خاك برد
منیش عەشقم لەشانگرتوە هێشتا دامنەناوە
دەرۆم دەرۆم دوور دەروم
بۆ مەملەکەتی عەشق دەرۆم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-4-2007 21:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دەمەوێت لەوی کیژێك ببینم
هێشتا دوگمەکانی سەرسەنگی نەکرابێتەوە
لێوەکانی لەلێوی کەس نەدابێت؟
شەوانە بەدیار مۆمێکەوە دابنیشێت و
خەیاڵ بۆ رابردوو بکات
چ ئەستەمە مەملەکەتێك پربی لەمرۆڤ
بەلآم هیچی ووشەی عەشقی نەبیستبی
ئێمە لەجیهانی بەحەرامبووندا دەژین
هەمووشتە پیرۆزەکان لای ئێمە حەرامن
بینینی کیژێك وراوەستان لەگەڵیدا
چ لەم مەملەکەتەبکەم و
بەدەستی چ قەدەرێکەوەی بدەم
ئەخودا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.